بەش/ فەلسەفە

کۆلێژ/ ئاداب

زانکۆ/ صەلاحەددین

بابەت / فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست

پەرتووکی کۆرس – قۆناغی دووەم

ناوی مامۆستا / م.ی. رۆژگار سەعدی سابر

ساڵی خوێندن: ٢٠١٩-٢٠٢٠

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | ڕۆژگار سەعدی صابر |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | فەلسەفە/ کۆلێژی ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | Rozhgar.saadi@gmail.com<br>٠٧٥٠٨٢٨٩٠٩٠ |
| ٥. یەکەی خوێندن بە سەعات لە هەفتەیەک. | ٦ یەکە، بابەتی/ فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕست.<br>پراکتیک: بابەتەکە تیۆرییە.<br>٦ یەکە، سەرپەرشتی توێژینەوەی قوتابیان. |
| ٦. سەعاتی کارکردن | (١٢) سەعات |

| | 8،30 | 9،30 | 10،30 | 11،30 | 12،30 | ،30 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | | | | | | |
| یەک شەممە | | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست | | | |
| دووشەممە | | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | سمیناری بەش | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | |
| سێ شەممە | | | سمیناری کۆلێژ | | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | |
| چوارشەممە | | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست | فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست | |
| پێنج شەممە | | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | | | |

| | |
|---|---|
| | ٧. کۆدی کۆرس |
| ڕۆژگار سەعدی صابر<br><br>ساڵی لەدایک بوون / ١٩٨٣/٨/١<br><br>باری خێزانی / خێزاندار<br><br>ژمارەی مۆبایل / ٠٧٥٠٨٢٨٩٠٩٠<br><br>ئیمێل / Rozhgar.Saddi@gmail.com<br><br>ڕۆژگار سەعدی صابر، دانیشتووی شاری هەولێر، گەڕەکی ڕۆشنبیران، بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی ساڵی٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ماستەر لە کۆمەڵناسی سیاسی ساڵی ٢٠١٧، ماوەی (١٠) دە ساڵ خزمەتکردن لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی، بەڕێوەبردنی کاروباری قوتابیان. دوای بەدەستهێنانی ماستەر درێژەدان بە خزمەتکردن لە کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، بەشداری چەندان خولی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئاستەکانی تری وەک زمانی ئینگلیزی و کۆمپیتەر کردووە، بەدەستهێنانی بڕوانامەی خولی توانستی کۆمپیتەر (LCDL) لە ڕێکەوتی ٨- ٧- ٢٠١٣ لە زانکۆی سەلاحەدین، بەدەستهێنانی بڕوانامەی میتۆدی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە ٢٦- ٣- ٢٠١٨ زانکۆی سەلاحەددین، بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئینگلیزی، ئاستی ئینتەرمیدیەت لە ٢٤- ١٠- ٢٠١٩ زانکۆی سەلاحەدین، بەشداری چەندان کۆڕو سمیناری زانستی، ئێستا مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی فەلسەفەی کۆلیژی ئاداب. | ٨. پرۆفایلی مامۆستا |
| ڕەواقییەکان و دەوڵەتی جیهانی، هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆمییەکان، فەلسەکەی مارکس شیشرۆن، فەلسەفەی سنیکا، ئاینی مەسیحی و جیهانبینی یۆنامی ڕۆمی، هزری کۆمەڵایەتی ئایینی مەسیحی، فەلسەفەی سانت ئاگۆستین، فەلسەفەی تۆماس ئەکویناس، سەرهەڵدانی فەلسەفەی سکولاستی، یۆهانس سکۆت ئێریوگینە، پیترۆس ئەبیلارد، سانت ئەنسلم، ڕێبازی لاتینی ئبن ڕوشد لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا، فەلسەفەی بۆنافینتۆرای پاک، مایستەر ئیکهارت، یۆهانس دونز دابڕینی لاهوت لە فەلسەفە، ئیکۆلاوس کوسانۆس کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست. | ٩. یەکە سەرەکییەکان |

### ١٠- ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

بابەتی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، یەکێکە لە بابەتە پڕ بایەخەکانی بەشی فەلسەفە، کە زیاتر بایەخ بە لایەنی سەهەڵدانی ئاراستەی فەلسەفی لاهوتی دەدات، بەتایبەت فەلسەفەی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاست. هەوڵ دەدات لە ئاشنایی فەلسەفەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستمان لە چوارچێوەی ئایینی مەسیحی بۆ بکات؛ دەیەوێ بە ڕوانینێکی گشتی لە ڕووداوەکان سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بڕوانێ، بەشێوەیەک بتوانێ لەژێر هۆکارێکی سەرەکی (هۆکارێکی چۆنایەتی) ڕاڤەی ڕووداوەکان بکات، لە کۆتاییشدا بگاتە یاساگەلێک بۆ چۆنیەتی هەڵسوڕانی ڕەوت و ئاراستەی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا و دەوڵەتان بخاتەڕوو. فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست وا دەکات کورت نەکرێتەوەو لە یەک ڕەهەندی فەلسەفی، بەڵکو گرنگی بە ڕوانگەی فەیلەسوفان دادات، بە ئەقڵێکی ڕەخنەگرانە بتوانێ گومان بخاتە سەر ڕووداوەکان و جارێکی دیکە لەسەر بنەمای لۆژیک و ئەقڵەوە خوێندنەوە بۆ بابەتەکان بکات.

### ١١- ئامانجەکانی کۆرس:

ئامانج لەم کۆرسە ئاشناکردنی قوتابیان بە چەمکی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاست و چییەتی فەلسەفە، دواتریش مانا و پێناسەی چەمکی ڕێبازە فەلسەفییەکان و ئایین و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، سڕینەوەی ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی کە لە زەینی بەشێک لە فێرخوازاندا بوونی هەیە بەوەی مێژوو، تەنیا بریتییە لە کۆمەڵە جەنگێکی خوێناوی یا ژیانی کۆمەڵێ سەرۆک و سەرکردە کە تەنیا لەپێناو خۆیاندا ژیاون، یا ڕەوتی سیاسییانەی مرۆڤ، لە بەرامبەریشدا ئاراستەی مێژووی شارستانی سود وەربگرین و بایەخ بە لایەنی هزریی مرۆڤ بدرێت لە سەردەمی ئێستا، واتە پەرەسەندنی هزری مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ پێشکەشکردنی کۆمەڵە تێزێکی فیکری- فەلسەفی لە چوارچێوەی فەلسەفەی ڕۆمی و لاهوتی، بە مەبەستی ئەوەی دواتر قوتابی بتوانێ هزری شیکاری بنیادنان و ڕەخنەگری لەکاتی توێژینەوەی فەلسەفی دا بەکاربهێنێ.

### ١٢- ئەرکەکانی قوتابی:

لێرە مامۆستا بەرپرسیارێتی قوتابی خوێندکار ڕوونەکاتەوە سەبارەت بە کۆرسەکە بۆ نموونە ئامادەبوونی قوتابیان لە وانەکاندا، لە تاقیکردنەوەکاندا، ڕاپۆرت و ووتار نووسین... هتد.

١- پێویستە قوتابی ئامادە بێت لەسەرجەم وانەکان بەشێوەیەکی بەردەوام .

٢- پێوستە قوتابی بەشداربێت لە وانەکان بەشێوەیەکی کردارەکی لەرێگای دەربرینی بیرو بۆچوونەکانی خۆی.

٣- پێوستە لەسەر قوتابی ئامادە بێت بۆ تاقیکردنەوەی ڕۆژانەو تاقیکردنەوەی مانگانە بۆ دیاریکردنی ئاستی زانستی و کۆکردنەوەی نمرەی کۆششی سا لانە.

٤- پێوستە لەسەر قوتابی لەم ساڵەدا ڕاپۆرت، یان توێژینەوە، یاخود سمینارێک پێشکەش بکات لە وانەکەیدا، بۆ ئەوەی سود بە قوتابییەکانی تر بگات، هەمیش وەک ڕاهێنانێک بۆ قۆناغی کۆتایی، چونکە لەوێدا توێژینەوەی دەرچوون دەنوسرێت.

### ١٣- ڕێگاکانی وانە ووتنەوە:

لێرە مامۆستا ڕێگەی وانە ووتنەوە دەنووسێت، بۆ نموونە: داتاشۆ و پاوەرپۆینت، تەختەی ڕەش، تەختەی سپی، سمارتبۆرد، لەگەڵ کتابی مەنهەج... پێشکەش بە قوتابیان دەکات هتد.

### ١٤- سیستەمی هەڵسەنگاندن:

مامۆستا جۆری هەڵسەنگاندن (تاقیکردنەوەکان یان ئەزموونەکان) دەنووسێت بۆ نموونە تاقیکردنەوەی مانگانە، کویزەکان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (پریزەنتەیشن)، ڕاپۆرت نووسین، ووتار نووسین، یان ئامادەنەبوونی قوتابیان لە پۆلدا...هتد. ئامانە چەند نمرەی لەسەردەبێت و مامۆستا چۆن نمرەکان دابەشدەکات؟

لەم بابەتەدا هەڵسەنگاندنی مامۆستا وەستاوە لەسەر ئەم پێوەرانەی خوارەوە:

١_ تاقێکردنەوەکانی مانگانەو کویزەکان ( ٣٠ ) نمرەی بۆ تەرخانکراوە .

٢_ نوسێنی ڕاپۆرت و توێژینەوە (٥) نمرەی بۆ تەرخانکراوە.

٣_ چالاکی و ئامادەبوونی کردارەکی قوتابیانیش لەناو هۆڵی خوێندن (٥) نمرەی بۆ تەرخانکراوە. بەو هەلسەنگاندنەش (٤٠) نمرەی کۆششی سالانە بۆ قوتابی دەردەچێت. ٦٠ نمرەش تاقیکردنەوەی کۆتای ساڵ.

### ١٥- دەرئەنجامەکانی فێربوون:

پڕکردنەوەی ئەم خانەیە زۆر گرنگە، مامۆستا دەرئەنجامەکانی فێربوون دەنووسێت. بۆ نموونە: ڕوونی ئامانجە سەرەکییەکانی کۆرسەکە (بابەتەکە) بۆ قوتابی گونجاندنی ناوەڕۆکی کۆرسەکە بە پێویستی دەرەوە و بازاڕی کار، قوتابی چی نوێ فێردەبێت لە ڕێگەی پێدانی ئەم کۆرسەوە.

بەو پییەی بابەتەکەی ئێمە تایبەتە بە زانستە مرۆڤایتییەکان ئەوەندە پەیوەندی نیە بە بازاری کارەوە، بەلام لە هەمان کاتدا لەم کورسە قوتابی فێردەکرێت چۆن بەدواداچوون و توێژینەوە بکات، هەروەها ئاشنا دەبێ بە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، ئاشناکردنی قوتابیان بە چەمکی فەلسەفە و چییەتی فەلسەفە، ، دواتریش مانا

و پێناسەی چەمکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی و سرینەوەی ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی کە لە زەینی بەشێک لە قوتابیان بوونی هەیە، پەرەسەندنی هزری مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو وە پێشکەشکردنی کۆمەڵە تێزێکی فیکری- فەلسەفی لە چوارچێوەی فەلسەفە، بە مەبەستی ئەوەی دواتر قوتابی بتوانێ هزری شیکاری و ڕەخنەگری لەکاتی توێژینەوەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دا بەکاربهێنێ.

١٦- لیستی سەرچاوە:

- سەرچاوە بنەڕەتییەکان.
- سەرچاوەی سوودبەخش.
- گۆڤار و (ئینتەرنێت).

کتابەکان:

١- فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، پ.د.عبدالحمید عزیز.

٢- مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، ڕێبوار سیوەیلی.

٣- بابەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، نوزاد جمال.

٤- بنەڕەتییەکانی فەلسەفە، پ.د.عبدالحمید عزێز.

٥- کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، د. محەمەد کەمال.

٦- فەلسەفە، پیش فەلسەفە تا مردنی نیچە، فوئاد سدیق.

٧- نصوص من الفلسفة المسيحيية في عصر الوسط، القديس أوغستين، المعلم، د. حسن حنف.

٨- فلسفة العصور الوصطي، عبدالرحمان بدوي.

| ١٧. بابەتەکان | | | ناوی مامۆستای وانەبێژ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | | |
| تشرين الاول ٢٠٢٠- أكتوبر(١٠) | حەفتەی یەکەم | هزری کۆمەڵایەتی ڕۆمییەکان، خێزان و خواوەندەکانی، ڤیسا، لارییەکان، پیناتەکان، پێگەی ئافرەتان. | ڕۆژگار سەعدی صابر ١٢ کاتژمێر ٢٠١٩/١٠/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | فەلسەفەی مارکۆس شیشرۆن، یاسای سروشتی، یەکسانی سروشتی، ژن و ژنخوازی، منداڵ دروستکردن، دروستکردنی بنەماڵە. | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | حەفتەی سێیەم | فەلسەفەی سنیکا، سەردەمی ئاڵتونی، فێربوونی فەزیلەت. | | |
| | حەفتەی چوارەم | هـــزری کـــۆمەڵایەتی لە ئـــایینی مەسیحیدا، ئایینی مەسیحی و جیهانی یۆنامی ڕۆمی. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| تشرين الثاني ٢٠٢٠- نوفمبر(١١) | حەفتەی یەکەم | گەشـــبینی بەرامـــبەر بە مـــرۆڤ، گوناهبـاری مـرۆڤ، نەمـری روح و هەستانەوەی ج | ڕۆژگار سەعدی صابر ١٢ کاتژمێر ٢٠١٩/١١/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | فەلسـەفەی سـانت ئاگۆسـتین، ژیـان و بەسـەرهاتی، هـزری کـۆمەڵایەتی و سیاسی ئاگۆستین، | | |
| | حەفتەی سێیەم | شـــاری ڕەب و خـــاکە شـــار، خۆشەویســـتی خـــود تـــا ئاســـتی ڕقلێبـــوونەوە لە ڕەب، سیســـتەمی کۆیلایەتی. | | |
| | حەفتەی چوارەم | فەلسـەفەی تۆماس ئەکویناس، یاسای هەمیشەیی، یاسای سروشتی، یاسای مرۆیی. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| كانون الأول ٢٠٢٠- ديسمبر(١٢) | حەفتەی یەکەم | یاســای ڕەبــانی، کتێبــی پیــرۆز، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ئافرەت. | ڕۆژگار سەعدی صابر ٦ کاتژمێر ٢٠١٩/١٢/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | کـۆیلایەتی و خاوەنـداریەتی تـایبەت، نەریت پەرستی ئـابووری و تـرس لە نوێخوازی. | | |
| | حەفتەی سێیەم | ڕەب، دیتنی ڕەب و کـات، دووڕەنگی نەفس و لەش، دەوڵەت و ئەرکەکانی. | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | حەفتەی چوارەم | سەرهەڵدانی فەلسەفەی سکولاستی، سەرەتایی سکولاستی، بۆئیتیۆس. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| کانون الثاني ٢٠٢٠- يناير(١) | حەفتەی یەکەم | یۆهانت سکۆس ئێریوگینە، سروشت، زانیین و بڕوا، لەش و دەروون. | رۆژگار سەعدی صابر ٦ کاتژمێر ٢٠٢٠/١/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | پیترۆس ئەبیلارد، ڕێبازی فەلسەفەی خۆیەتی، فەلسەفەی زانکۆکان. | | |
| | حەفتەی سێیەم | فەلسەفەی ئەبیلارد، لۆجیک، کێشە هەمەکییەکان. | | |
| | حەفتەی چوارەم | کێشەی ئاکار، لاهوت. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| شباط ٢٠٢٠- فبراير(٢) | حەفتەی یەکەم | سانت ئەنسلم، بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی، مەنتق. | رۆژگار سەعدی صابر ٦ کاتژمێر ٢٠٢٠/٢/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | ڕەب، ئۆنتۆلۆجی، بەڵگەی جیهان. | | |
| | حەفتەی سێیەم | ڕێبازی لاتینی ئیبن ڕوشد لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا، بزووتنەوەی شارترس. | | |
| | حەفتەی چوارەم | ئەلبێرتۆسۆ مانگۆس، سیگەر برابانتی، ڕۆجەر بیکۆن. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| آذار ٢٠٢٠- مارس(٣) | حەفتەی یەکەم | فەلسەفەی بۆنافینتورای پاک، میتافیزیک، بەڵگەی بوونی ڕەب. | رۆژگار سەعدی صابر ٦ کاتژمێر ٢٠٢٠/٣/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | گرنگترین بەڵگە، ئەنجام. | | |

| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
|---|---|---|---|---|
| | حەفتەی سێیەم | پرۆسەی زانین، میتافیزیک، بەڵگەکانی بوونی ڕەب. | | |
| | حەفتەی چوارەم | بەڵگەی بزوتنەوە، هۆکاری کارگەر، شیاوەکی و ناچاری. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| نیسان ٢٠٢٠- ابریل(٤) | حەفتەی یەکەم | مرۆڤ و نەفس، خەسڵەتەکانی ڕەب، خواست و ئازادی ژیر. | ڕۆژگار سەعدی صابر ٦ کاتژمێر ٢٠٢٠/٤/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | مایستەر ئیکهارت، پێشەنگی سۆفینیزمی ئەڵمان، ڕەب و جیهان. | | |
| | حەفتەی سێیەم | گیان و دەروون، ڕایمۆن لول، | | |
| | حەفتەی چوارەم | یوهانس دونز و دابڕینی لاهوت لە فەلسەفە، زانین و بروا. | | |
| مانگ | حەفتە وانە | یەکەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ | |
| آیار ٢٠٢٠- مایو(٥) | حەفتەی یەکەم | ولیەم ئۆکامی، زانستی هەستەکی، ڕەب و بەڵگەکان. | ناوی مامۆستا وەک: ٣-٤ کاتژمێر ٢٠٢٠/٥/١١ | |
| | حەفتەی دووەم | نیکۆلاوس کوسانوس، کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست. | | |
| | حەفتەی سێیەم | بنەما بنەڕەتییەکانی هزر، ڕەب جیهان گەردوون. | | |
| | حەفتەی چوارەم | کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕست. | | |

| ١٨- بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
|---|---|
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیلێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. وانەکان لە بەشەکەی ئێمە زارەکێن و وانەی پراکتێکی کەمە بەلاَم هەندێ جار ئەگەر پێویست بکات و ڕاستەوخۆ سەردانی بەشێک لەم شوێنانە دەکرێت کە پەیوەستن بە بابەتەکە. | |

۱۹– تاقیکردنەوەکان:

**١. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک ڕوون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات. لەگەڵ وەڵامی نموونەییان.

نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

- باس لە چەمکی فەلسەفە و گرنگی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بکە؟
- فەلسەفە لە بواری پراکتیزەکردن و لە بواری خوێندنی ئەکادیمی لەسەر دوو ئاست دابەش دەبێت؟ باسیان بکە.
- هزری کۆمەڵایەتی ڕۆمییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست ڕوون بکەوە.
- ڕوانگەی فەیلەسوفان بۆ کۆیلایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست چۆن بووە.
- قۆناغەکانی فەلسەفەی لاهوتی بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە.
- ئەم ئاراستەیە چین کە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بەکاری دەهێنن.
- تێروانینی مارکۆس شیشرۆن بۆ یاسای سروشتی و یەکسانی سروشتی چۆن بوو.
- دیدی سنیکا بۆمرۆڤ و کۆمەڵگا چۆن هەڵدەسەنگێت.
- باسی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاگۆستین بکە.
- فەلسەفەی تۆماس چۆن دەوڵەت و ئەرکەکانی دەستنیشان دەکرد.
- ڕێبازی لاتینی ئیبن ڕوشد لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا باس بکە.
- ڕوانگەی نیکۆلاوس کوسانوس، کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست ڕوون بکەوە.

**٢. ڕاست وچەوت:** ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە باشترە پرسیاری ڕاست، یان چەوت دانەنرێت.

لە ڕاستیدا پرسیاری ڕاست و چەوت بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان زۆر گونجاو نییە، هەر بۆیە زۆر گرنگی بەو جۆرە پرسیارانە نادەین.

**٣. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر ڕستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی ڕاست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەر بکرێت.

۲۰– **پێداچوونەوەی هاوەڵ:**

ئەم کۆرس بووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات، چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە پ.ی. کەمتر نەبێت.